# خەڵکی هەولێر سەبارەت بەچاندنی داری (واشینتونیا) کە هاوشێوەی دار خورمایە هەڵوێستی خۆیان دەردەبڕن




## هاووڵاتییەك:

**کەرکوك (4) دار خورمای تیایە عەرەب بە موڵکی خۆی دەزانێت و نایداتەوە بە کورد**

**بەڕێوەبەری ئەندازەی پارکەکان:**

**هەر دارێك تەنها (1340) دۆلاری تێچووەو ئەوە دارانە دار خورما نین و بەڕێوەبەری پرۆژەکەش عەرەب نییە**

راپۆرتی: سالار بابەشێخ

بەڕێوەبەرایەتی ئەندازەی پارکەکانی هەولێر بە پێی گرێبەستێك لە گەڵ كۆمپانیایەکی تورکی بە ناوی (تاشیاپی) دەستیانکردووە بە ئەنجامدانی پرۆژەیەك بۆ ئەوەی لە ناوەندی شاری هەولێر واتە هێڵی (60)مەتری کە (10300) مەتر درێژی هەیە، جۆرە دارێك بچێنن کە هاوشێوەی دار خورمایە. ئەم پرۆژەیە چەند رۆژێکە هاتۆتە بواری جێبەجێکردن و تا ئێستا نزیکەی (200) داریان چاندووە. ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە هەندێك لە دانیشتووانی شارەکە نیگەران بکات، وەك هاوولاتییەك دەڵێت "عەرەب دەڵێن لە هەر کۆێیەك داری خورمایەك هەبێت ئەو شوێنە موڵکی عەرەبە ئێستاش هەولێر پڕ دەکەن لە دار خورما، هەتا سروشتی کوردستانیش تەعریب بکەن". بەڕێوەبەری ئەندازەی پارکەکانیش جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەوە دارانە دار خورما نین و دەڵێت "ئەندازیارو بەڕێوەبەری پرۆژەکەش کوردە".

(دلۆڤان ساحیب)ی تەمەن 21 ساڵ قوتابی زانکۆیە و چاوەڕوانی پاسی هێڵی 60 مەتری دەکات، ئەو بەرامبەر بەو کرێکارانە وەستاوە کە لە ناوەندی هێڵی 60 مەتریدا سەرقاڵی چاندنی جۆرە دارێکن کە دلۆڤان بە "دار خورمای عەرەب"ی ناو دەبات. ئەو بە سەرسوڕمانەوە دەڵێت "ئەم پرۆژەیە ئەندازیارەکەی عەرەبە، بۆیە چاندنی دار خورمای لە ناوەندی پایتەختی کوردستاندا، کردووتە پیلانێك، کێ ناڵێ ئەندازیارەکە کۆنە بەعسیش نییە؟". ئەو پرۆژەکە وەك پلانێك پەسەند ناکات و بە جۆرە پیلانێکی دەزانێت بۆیە دەڵێت "عەرەب دەڵێن لە هەر کۆێیەك داری خورما هەبێت ئەو شوێنە موڵکی عەرەبە، ئێستاش هەولێر پڕ دەکەن لە دار خورما، هەتا سروشتی کوردستانیش بگۆڕن، ئەواتە کەرکوك 4 دار خورمای تیایە هەتا ئێستا نایدەنەوە بەکورد...".

(نیاز جەمال)ی تەمەن (38)ساڵ فەرمانبەرە و دانیشتووی گەڕەکی مامۆستایانی شاری هەولێرە. ئەویش یەکێکە لەو دەیان کەسەی کە لە بارەی پرۆژەکەوە رایانوایە ئەمکارە "تەعریبکردنی سیمای شاری هەولێرە"، بۆیە بە تووڕەییەوە قسەی لەسەر دەکات و دەڵێت "ئەوە کەی کێشەیە، دەڕوانیتە سەر هەر دوکان و عیادەیەك تابلۆکان هەمووی بە عەرەبی نووسراون، با دار خورماشمان هەبێت، بە درێژی مێژوو عەرەب کلتووری خۆی بەسەر ئێمە زاڵ کردووە، با ئەمجارەش لە سایەی دەسەلاّتی کوردی تەعریبی سیمای شارەکانمان بکەن". نیاز لە تەنیشت دارە تازە چاندراوەکانی هێڵی 60 مەتری دەستی بۆ ئالاّی کوردستان لە سەر بینایەی بازاڕی نێوسیتی درێژ کرد و گوتی "بە چاوی خۆت دەیبینی ئەو ئالاّیەش بێناز دەکەوێت و ئالاّی بەعس کە سەرۆکی هەرێم بەردەوام لە دژی بووە، لە ناوەندی پایتەختی کوردستان قیت، دەکەنەوە". ئەو بێزاری خۆی لە پرۆژەکە ناشارێتەوە و دەڵێت"من نەك هەر خورماش ناخۆم بەڵکو رکیشم لێدەبێتەوە، چونکە خورما پەرەستەکان ئەنفالیان کردین و هەتا ئێستاش ئەوان براگەورەن و بە مافەکانی ئێمەش هەرگیز قایل نابن".

کەسانێکیش هەن خوێندنەوەیەکی دیکەیان بۆ پرۆژەکە هەیە، (سەلاّم عەبدولکەریم) تەمەن 52 ساڵ پێیوایە ئەو دارانە زۆر جوانن و بەرامبەر بەو پرسیارەش کە ئایا دار خورما موڵکی عەرەبە دەڵێت"ئۆم کلسوومیش عەرەبە و هەموو کەسێکیش گوێی لێ دەگرێت، ئەوە ناکاتە، ئەوەی کە هەر شتێك جوان بێت موڵکی عەرەب بێت". ئەو داواکارە خەڵك و حکومەت زیاتر گرنگی بە خزمەتگوزاری و ئاوەدانی و جوانکردنی شارەکان بدەن و داوا لە حکومەتیش دەکات زیاتر خەمی بێکارەیایی خەڵك بخوات.

"ئەوە راست نییە، کە دەڵێن ئەو دارانە دار خورمان، لە ئەمریکا داری وا هەیە، من زانیاریم هەیە ئەو دارانەش لە تورکیاوە هاتووە، با لە جیاتی ئەوەی کورد و عەرەب بە شەڕ بدەین، باسی گرانی نرخەکەی بکەین، ئەو دارانە زۆر گرانن، هەر دارێك 16 وەرەقەی پێدراوە، ئەوە رەواترە، چونکە بە پارەی هەر دارێك دەتوانی دەیان داری جوانی پێبکڕی و باری ژیانی چەندین خێزانی هەژاریشی پێ بگۆڕین". (دارا حوسێن بەرزنجی) دانیشتووی

گەڕەکی باداوەی شاری هەولێر وایگوت. دارا پێشنیار دەکات، داهاتی گشتی وڵاتەکەی بە شێوەیەکی "گونجاو بۆ ئەولەوییەتەکان تەرخان بکرێت"، ئەو رایوایە "هەندێك مەسرووفات هەیە لە جێگەی خۆیدا نییە، شتی زەرووری تر هەیە، بۆ نموونی کێشەی سەکەن و زۆربوونی رێژەی بێکاری و نەبوونی مەعمەل و کەرتەکانی بەرهەمهێنان"، بۆیە دەڵێت " لەم زرووفە ناسکەدا رەوا نییە دارێك نزیکەی 2 هەزار دۆلاری تێبچێت".

(بەختیار جەعفەر) یەکێکە لەو کرێکارانەی کە کار بۆ کۆمپانیایەکی تورکی دەکات کە خاوەنی گرێبەستی دابینکردن و چاندنی دارەکانە. ئەو دەڵێت "ئەو دارانە بۆ خۆم هێناومەتەوە خوارەوە لە شەحنی تورکی هەر شەحنی (45) داری تێدا بوو، هەر دارێك (15) وەرەقەی تەکلیف کردووە، لە ئەمریکاوە هاتووە دەستحەقی ئێمە و شۆفڵ و کرێن و کرێکار ئەوانەش حیساب نەکراوە، وەزنی هەر دارێکیش نزیکەی 500 کیلۆیە".

(کاردۆ عەبدوڵڵا) خاوەنی حەفارەیەو رۆژانە 8 کاتژمێر بۆ کۆمپانیای ناوبراو کار دەکات و لە بری کارەکەشی وەك خۆی گوتی رۆژانە (230) دۆلار وەر دەگرێت. ئەو لە بارەی رووبەری کارەکەیان گوتی "لە لای سایلۆ و پێش وەزارەتی ناوخۆ هەتا بەردەم نیو سیتی چاندوومانە، ئەوەش ئاخر دارەو تا ئێستا 200 دار زیاترە".

(نەوزاد ئەدهەم بەرزنجی) بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی ئەندازەی پارکەکان پێش هەموو شتێك ئەوەی رەت کردەوە کە ئەو دارانە، دار خورما بن و نکۆڵی لەوەش کرد کە ئەندازیاری پرۆژەکە کەسێکی عەرەب بێت و گوتی "ئەندازیار عەبدولواحد ئەحمەد بەڕێوەبەری پرۆژەکەیەو کوردە"، ئاماژەی بەوەشدا کە پرۆژەکە بەبێ پرسی ناوەند نەکراوەو گوتی "تا وەزارەتی شارەوانی و بەڕێز وەزیری شارەوانی رازی نەبێت ناکرێ کاری وا گەورە بکرێت".

وەك بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی ئەندازەی پارکەکان باسیکرد ئەو دارانە کۆمپانیای (تاشیاپی) پێی هەستاوە و ناوی دارەکەش (واشنتنیا)یە کە شێوەی دار خورمای هەیە بەڵام دار خورما نییە، لە بارەی هۆکاری هەڵبژاردنی ئەو جۆرە دارانەش گوتی "بۆیە ئەو دارانە هەڵبژێردراوە چونکە لە گەڵ سروشتی هەولێر دەگونجێ و بەرگەی سەرما و گەرما دەگرێ".

بە پێی وتەکانی نەوزاد ئەدهەم بەرزنجی ئەو دارانە لە شوێنی خۆیدا واتە لە (ئەریزۆنە) کە ئەیالەتێکی سەربە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە بەرزییەکەی تا 30 مەتر دەڕوات". ژمارەیەك لەو دارانە ئێستا لە وڵاتانی دەوروبەر دەست دەکەون و وڵاتی تورکیاش یەکێکە لەو وڵاتانەی کە ئەمجۆرە دارانەی تێدایە. لە بارەی چونیەتی و چەندایەتی پرۆژەکەش بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی ئەندازەی پارکەکان گوتی "لە (15)ی مانگی رابردوو دەستمان کردووە بەم پرۆژەیە و (175) دارمان هێناوە کە بەرزییەکەی (3− 5)مەترە، هەر دارێکیش (1340) دۆلاری تێچووە، لەو دارە پێشتر لە هەولێر چاندراوە کە لە ماوەی (20)ساڵ (12)مەتر بەرزبووە..... (675) دار لە ناوەڕاستی هێڵی60 مەتری دەچێنین، دووجۆر داریش لە تەنیشتی دەچێنرێ . جۆری ئەو دارانەی کە دواتر بەکاریان دێنین بۆ جوانی شارەکە بریتین لە (هەبیلسکەت)، (تیلیا)، (ئەکاسیادیلباتا)، (ئەکرنیگۆندا) و (لیکۆدامبەر) و....هتد.

ئەوەشی ئاشکرا کرد کە (500) داری دیکەیان هێناوە کە نرخیان هەرزانترە هەر دارێك (50 )دۆلاری تێدەچێت. گوتیشی هەر (50) مەتر شوێنێك بۆ گوڵ چاندن تەرخان دەکرێت، (13) شوێنی دانیشتن و (4) مافوورەش بە شێواز و هەیکەلی جۆراوجۆر لە (فلکەی نەورۆز، سێ رێیانی کووران، چواررێیانی بەحرکە و چوارڕیانی پەرلەمان) دروست دەکرێت. هەر لە درێژەی جێبەجێکردنی پرۆژەکەدا (120) کورسی لە شوێنی جیاجیای هێڵی 60 مەتری دادەنرێت و ئاماژەی بەوەشدا کە بۆ خاوێن راگرتنی شوێنی دانیشتنەکانیش (60) سەلەی زبڵ دابینکراوە.

تێبینی: ئەم راپۆرتە لە ژمارە 349ی رۆژنامەی کوردستان راپۆرت لە رێکەوتی 2007/12/9بڵاو کراوەتەوە.